# ڕەوتی گۆڕان هاتە کایە و خۆی سەپاند
# تەوژمی گۆڕان، بە بوختان و درۆودەلەسە و نانبڕین، بەرینا‌گیریّ

**ئەلمانیا : جەمال نەبەز**

ئەو هەوالانەی لە کوردستانەوە دێن، ئەوە دەگەیەنن کە ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی "یەکێتی" لە "حیزب" دەرکراون، سەبارەت بەوەی سەر بە ڕەوتی "گۆڕان"ن و، هەر لەو کاتەشدا، ئەوانەی سەر بەو ڕەوتەن و، فەرمانبەر و مووچەخۆری حکوومەتن، لەگەڵ دەرکردنیان لە "حیزب"، لەسەر کاریش لابراون. لەئەنجامی ئەمەشەوە، گەلێك کادر و ئەندامی "یەکێتی" بێزاریی خۆیان بەرامبەر بەمە دەربڕیوە و، وازیان لە "یەکێتی" هێناوە. ئەم دەنگوباسانەش، کە ڕۆژانە، لەڕێی هێندەك لە ماڵپەڕەکان و سەتەلایتەکانەوە دەگەنە ئەوروپا، دڵڕاوکەیەکی سەختیان خستووەتە گیانی کوردەکانی ئەم وڵاتانەوە، کە سەرەڕای خەمی بێبەشکردنیان لە دەنگدان، چاوەڕوانی ئەوە بوون هەڵبژاردن لە هەرێم دا ببێتە وێنەیەك بۆ پێشاندانی ڕووی دیمۆکرا تخوازانەی کۆمەڵگەی کوردستان و، ڕێزگرتن لە جیاوازیی بیرورا و، هەر لەم گۆشەڕوانینەشەوە، ماوەیەکە لە ئەوروپا، کۆڕ و کۆبوونەوە دەبەسترێن، بەمەبەستی هەڵبژاردنی کۆمیتەیەك بۆ پێوەندیکردن بە پەرلەمانی ئەوروپا و کۆمەڵەی مافی مرۆڤ و NGO کان وکەسایەتییەکانەوە، تاکو نوێنەرانی خۆیان بنێرن بۆ کوردستان، بۆ سەرپەرشتیکردنی هەلبژاردن لە هەرێم و، دەستنیشانکردنی هەموو جۆرە هەوڵدانێك، ئەگەر ڕوویدا، بەنیازی ساختەکارێتی و کارکردنە سەر خەڵك، سا یان بە هەڕەشە بێ، یان بە بەرتیل بێ، یان بە نانبڕین، بەمەبەستی لادانیان، بە پێچەوانەی ویستەی خۆیانەوە.

لێرەدا نامەوێ ئەوەی هێندەك لە سەرکردەکانی "یەکێتی" دەبێژن، کە ئەو ئەندامەی دەنگ بۆ لیستێکی جیا لە لیستی "یەکێتی و پارتی" بدا، مافی ئەوەی نامێنێ، خۆی بە ئەندامی "یەکێتی" بزانێ، بخەمە ژێر هوردەبینی لێکۆڵینەوەی قانوونی و ڕامیارییەوە، هەرچەندە دەزانم، لە ئەوروپا، لەنێو حیزبە دیمۆکراتەکاندا، زۆرجار ڕێکدەکەوێ، ئەندامانی پەرلەمانیی سەر بە حیزبێك، دەنگ بۆ پرۆژە، یان پاڵێوراوی حیزبێکی دیکە دەدەن و، کەسیش پێیاننایەژێ "بەری چاویان کلی پێوەیە"، لەگەڵ ئەمەشدا، ئەم بابەتە جێدەهێڵم بۆ "یەکێتی" خۆی و ئەندامەکانی، بەڵام گیروگرۆی ئەوە هەیە کە تائێستە هەرێم، نە دەستووری هەیە و نە دادگەی دەستووری، تاکو ئەندامە دەرکراوەکان و، بەقسەی خۆیان "سڕکراوەکان" و نانبڕاوەکان پەنا ببەن بۆیان و، بتوانن لەسەر خۆیان بکەنەوە. ئەگەرچی، ناتوانم پەنجە نەخەمە سەر ئەوەی کە یەکێك لە "حیزب" دەرکرا، دەستبەجێ لەسەر کارەکەشی دەربکرێ و، خۆی و ماڵ و منداڵی برسی بکرێن، هەر لەبەرئەوەی نەیەوێ دەنگ بۆ لیستی حیزبەکەی، بەڵکو دەنگ بۆ لیستێکی دی بدا، چۆنکە ئەمە کارێکی نارەوایە و، تەنێ لەو ڕژێمانە دەوەشێتەوە کە پێڕۆیی سیستەمی تۆتالیتێرانە دەکەن، وەك سیستەمە دوابڕاوەکەی سۆڤێت و ئەوروپای ڕۆژهەلات و سیستەمی چین و کووبا وکۆریای باکوور، کە ئەو جۆرە سیستەمە، حیزب و حکوومەت لەیەکجیاناکاتەوە و، بە سەروبنی یەکیاندەزانێ و، ئەوی لە فەرمانی "حیزب" لابدا، وەك "مەلی گول" هەڵسوکەوت دەکرێ لەگەڵی.

ئێستە هەر بۆ نموونە، باوادابنێین، مامۆستایەکی فیزیك و ماتماتیك، لە قوتابخانەیەکی دوا نێوەندیی ستانی سلێمانیدا، وانەی خۆی بەباشی دەڵێتەوە و، قوتابییەکان و هەڤاڵمامۆستاکانی ڕازین لێی. کەچی،

لە پاداشتی ئەمەدا، ئەم مامۆستا کلۆڵە لە پڕ نانبڕاو دەکرێ، هەر لەبەر ئەوەی ئەندامی "یەکێتی"یە و، دەنگ بۆ لیستی "یەکێتی" نادا. بەڕاستی، ئەمە بابەتێکە مرۆڤ دێنێتە پێکەنین، چۆنکە خراپترین کلۆڵی لە ژیاندا ئەوەیە، مرۆڤی سەربەقوڕ بێنێتە پێکەنین.

ئەوجا ئێستە ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ: ئایا ئەوانەی دەیانگوت و دەڵێن: دەبێ حیزب و حکوومەت لەیەکجیابکرێنەوە، هەقیانە یان نا؟ ئێدی ئەو کەسانە کێبوون و کێن، کارم بەوە نییە. ئایا داخوازییەکە شتێکی راست و رەوا و لە جێی خۆیایەتی یان نا؟

سەرکردەکانی "پارتی" و "یەکێتی"، پاش شەڕی بەپەندبووی چەند ساڵەیان لەدژی یەك لەسەر پارە و دەسەلات، کە ئاگرەکەی هەزاران گەنجی خێرنەدیوی کوردی سووتاند و، هەزاران خێزانی بەڕۆمەتی رەشپۆشکرد و، لەشکری داگیرکەرانی هێنایە هەرێمەوە، ئێستە گوایە "پەیمانی ستراتیژییان" لەگەڵیەك بەستووە و، داوای "یەکێتیی ریزەکانیان" دەکەن و، پاراستنی "یەکێتیی ریزەکانیان" و، بەربەرەکانیکردنی دەنگی نارەزایی لەدژیان، بە بوونی "مەترسیی دەرەوە" پاساو دەدەنەوە. دیارە، قسە لەسەر بوونی مەترسیی دەرەوە نییە. مەترسی دەرەوە هەیە و دەشمێنێ، تەنانەت ئەگەر رۆژێك لە رۆژان کوردستانیش سەربەخۆ بێ.

بەلام مەترسیی دەرەوە، بە زۆرداری و دەمکوتکردنی خەڵکی نارازی و نانبڕین، بەریناگیرێ، کە نانبڕین لە سەربڕین خراپتر و ئێشی زێترە. بەلکو، بە نەهێشتنی گەندەڵی و، رۆنێتیی بەڕێوەبەرێتی و، دادی کۆمەلایەتی و، تێروتەسەلکردنی دانیشتووان و، یەکسانکردنی ژنان بە پیاوان و، بەتەنگەوە هاتنی بنەماڵەی شەهیدان و کەمئەندامان و خوێندکاران و کرێکاران و جۆتکاران و کاسبکاران و پیشەوەران و، ئامادەکردنی ویستەمەنییەکانی رۆژانەی وەك ئاو و کارڤا و دەرمان و سووتەمەنی و خانوبەرە، بەریدەگیرێ.

سەیر ئەوەیە ئەم دوو "حیزبە" لەجیاتی ئەوەی چاوێك بە کارنامەی هەژدەساڵەی فەرمانڕەوایی خۆیاندا بخشێننەوە و، دان بە هەموو هەڵە و کردەوەی لە هەڵەش گەورەتری خۆیاندا بنێن و، داوای لێبوردن لە خەڵکی رەشوڕووت و بەشمەینەتی کوردستان بکەن، کە داخ و خەفەت و تووڕەییان گەیشتووەتە کونی لووتیان، دەچن گۆتاوڕۆکە دەهێنن بەسەر نەوشیرواندا، وەك ئەوەی تۆ بڵێیت، ئەم خەڵکە هەموو مێگەلە مەڕ و بزن بن و دوای شوانەکەیان کەوتبن. ئا ئەمەیە رێزی جەماوەری قوربانیدەر؟ ئەو جەماوەرەی بە راپەڕینی چەند ملوێنی خۆی ئەمانەی هێنایە سەرکار وکردنی ملوێنێر وخاوەن کۆشك وتەلار، پاش ئەوەی بە جلکی دڕاوو، پێلاوی پێنەکراوەوە، هاتنە سەرخوانی ئامادەکراو؟

ئەم نارەزایەتییەی لەنێو ریزەکانی "یەکیتی"دایە، بەشێکە لە نارەزاییی گشتی و، نەوشیروان دروستینەکردووە. نارەزاییش لەنێو "یەکێتی"دا شتێکی کۆنە و، هەر لەسەردەمی دامەزراندنی "یەکێتی"یەوە لە دیمەشق دەستپێدەکات تا ئەورۆ. خۆم ئاگاداری ئەم مێژووەم و ساڵانێکیش لەمەوبەر و، لە نەوەتەکانی سەتەی رابوردووەوە، چەند جار لەگەڵ نەوشیروان لەو بارەیەوە قسەمکردووە. ئەویش یەکێك بوو لە نارازییان، بەلام دەیویست "یەکێتی" وەك رێکخراوێکی "یەکگرتووی سەربەخۆ" بمێنێتەوە و پارچە پارچە نەبێ و "چاکسازی" لەسەرەوە دەستپێبکات، نەك لە بنکەوە. چەند جارێکیش هەوڵی ئەوەی دا، چ بە هاوکاریی چەند هەڤاڵێکی خۆی و چ بەتەنێ، تاکو ئەوەی بە "ریفۆرم" نێودەبرێ، لەنێو "یەکێتی"دا جێبەجێبکات، بۆ پاراستنی "یەکێتی" و مانەوەی بە "سەربەخۆیی"، بەلام سەرینەگرت بۆی و دەستبەڕوویەوە نرا. ئێدی، لەژێر کارکردی ناهومێدبوونی خۆی و، بۆ بەدەنگەوەچوونی داخوازیی ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی بێزاربووی "یەکێتی"، ناچاربوو ئەم رێیە بگرێ، کە بەداواکردنی "جیاکردنەوەی حیزب لە

**حکوومەت" دەستپێیکرد و، ئەوەبوو جەماوەرێکی فرەی "یەکێتی" ئەو داخوازییەیان لە بەرژەوەندیی خۆیان دی و بەخواستی دڵی خۆیان زانی و، رووبانتێکرد، بەتایبەتی گەنجەکان و چینی بەشخوراو، کە ساڵانی ساڵ بوو، لەبەردەم گۆمی مەنگ و لێڵی سەرکردەیەتیدا، بە تووڕەییەوە، بەڵام دانبەخۆداگرتووانە، لە چاوەڕوانیدا وەستابوون، هەتا نەوشیروان بەردێکی فڕێدایە گۆمەکە و، سامی لایەنگرانی دوودڵی نێو "یەکێتی"ی، لە رەخنەگرتنی رەپوڕاست و داخوازیی بەدەنگی بەرز، شکاند. لەمەشەوە، وەك کورد دەبێژن "دەنگ لە زاریٚ وە کەوتە شاریٚ" و لە سنووری دەروازەی خڕداخراوی "یەکێتی" دەرچوو، و لەگەڵ داخوازییەکانی جەماوەری کوردستان، کە دەمێکە هەوڵی کورتکردنی دەسەڵاتی گەندەڵی دەستڕۆیشتووان دەدەن، یەکیگرت و، ئەوەتە دەنگێکی کوردستانییانەی رەخنەگرانە دروستبووە، کە ئێدی بەقسەی پفهەڵدراو و هەڕەشە و گوڕەشە و، تۆمەتبارکردنی بێبەڵگەی نووسەران و رۆژنامەوانان، بە "سیخوڕیکردن بۆ دەوڵەتانی دراوسێی هەرێم" — وەك ئەوەی رۆژنامەوانان بن، هەر رۆژە نا رۆژیٚ، بچن دەستبکەنە ملی فەرمانڕەوایانی ئێران و ترك و سووریا — و تەنانەت بە نانبڕینیش، بەریناگیریٚ.**

**ئەز کە رەپوڕاست ئەم قسانە دەکەم، مەبەستم نە لایەنگیریی کەس و نە دژایەتیی کەسە. ئەمە بۆ مێژوو دەنووسم، کە نامەویٚ بە هەڵە تۆماربکریٚ. کە شتێکیش بەڕاست بزانم دەیڵێم و دەینووسم و گوێشنادەمە دڵی کەس. کیٚ پێیخۆشە، باشە و، کێش پێیخۆش نییە چش و هەزار چش. ئەز، وەك یەکەمین کورد و پەنجا ساڵی رەبەق، بەربەرەکانیی بیری ستالینپەرستی و مۆسکۆفیچێتی و ئەوجا ماوێتیم کرد و، گوتم رژێمی سۆڤێت رژێمێکی سۆسیالیستی و دۆستی گەلان و ئاشتیخواز نییە، بەلکو رژێمێکی تیرۆریست و شەڕخواز وکوردقڕکەرە و، راستدەرچوو. بەرلەوەی ئەمریکاش پەلاماری عێراق بدا، هۆشیاریم دا کە ئەمریکا بەدوای بەرژەوەندیی خۆیدا دەگەڕیٚ و برای باوکی کەس نییە و، کورد ئەگەر کەڵك لەم دەرفەتە وەرنەگریٚ و، بەدڵی مارینزەکان بجووڵێتەوە، مایەپووچ دەبیٚ. هەرواش دەرچوو. کە بەپێچەوانەی زۆربەی زۆری کوردەوە، دژی دامەزراندنەوەی عێراقی هەرەسهاتوو و دەنگدان بۆ دەستووری عێراق بووم و، دەمگوت دەستوور بۆ کۆمەڵێکە کە رێزی دەستوور بگریٚ، ئەوەتا ئەوڕۆ راستی و دروستیی هەڵوێستەکەم ئاشکرابووە. ئێستەش کە دەبێژم، ئەم بزاڤە کە ئەوڕۆ خۆی لە بێزاریدەربڕیندا دەنوێنیٚ، ماك وسەرەتای گۆڕانێکە لە جۆرێتیی هەڵوێست و بیرکردنەوەدا، کە ساڵانی ساڵە باسیدەکەم و، بە ئاواتی ئەوەوەم کە مرۆڤی کورد بە مێشکی خۆی بیربکاتەوە، نەك "حیزب" و "سەرکردە" بیربکەنەوە بۆی. ئەوجا ئێستە تیشکی ئەو خۆرە وا لەکەل دەرهاتووە و، بە هاشەو هووشە و بوختانکردن و پێنووسبەکرێگرتن و نانبڕینی ناڕازییان و درۆبڵاوکردنەوە لە ماڵپەڕ و دەنگە ناسەربەخۆکاندا کە خۆیان بە "سەربەخۆ" دەدەنە قەڵەم، بەریناگیریٚ و لەخشتە نابریٚ، بەڵام پێویستە پاڵێوراوەکانی رەوتی گۆڕان بۆ پەرلەمانی کوردستان، نەك هەر مرۆڤی پاگژو دڵسۆژ بن وبەس، بەلکو کارزان و ژێهاتیش بن. رەوتەکەش خاوەن بەرنامە و ئاڕاستەیەکی کوردستانێتی بیٚ، نەك عێراقچێتی، ئەگەر نا، رەوتی گۆڕان هاتووەتە سەر گۆڕەپان و خۆی سەپاندووە و، پێوەندیی بە کەسێکی تایبەتی و لیستێکی تایبەتییەوە نییە. ئەنجامی هەڵبژاردنیش هەرچی چۆنێك بیٚ و، تەنانەت ئەگەر تاکە یەك پاڵێوراوی بەرەی گۆڕانیش لە هەڵبژاردندا دەرنەچیٚ، ئەوە بە دڵنیاییەوە لەو بارودۆخە ناگۆڕیٚ کە بریتیە لە ناڕەزایی و بێزاری و بێباوەڕی جەماوەرێکی فراوان بە سیستەمی لە هەموو لایەکەوە گەندەڵی حیزبحیزبێنە و خزمخزمێنە. ژمارەی دەنگی هەڵبژێرەرانیش، هەموو کاتێك نابێتە پێوانەی رەوایەتی ونیشانەی ئازادیی کۆمەڵگە. زۆرجار رێکدەکەویٚ کە زۆربەی خەڵکی ولاتێك دەنگ بۆ سیستەمێکی ملهوڕ، یان رەگەزپەرست، یان**

پیاوسەروەری دەدەن، واتە، ئازادی بەکاردەهێنن بۆ نەهێشتنی ئازادی و، ئەمەش دەبێتە دیکتاتۆرێتیی گەلەکی و هیچ رەواییەتییەکی نییە. ماف و رەوایەتی، بەزۆری و کەمیی ژمارە نییە. ئەوەش دیارە، "پارتی" و "یەکێتی" کە چەکدار و پۆلیس و پارە و دەزگەی حکوومەتیان بەدەستەوەیە و، بەسەتان پێنووسی مووچەخۆر و دەزگەی راگەیاندنیان هەیە و، نانی هەزارانیان بەدەستە، ئاساییە، کە دەنگێکی بەرێژە زۆر بهێنن. بەلاّم ئەگەر ژیرانە بیر لە بەرژەوەندیی درێژخایەن بکەنەوە و، لەسەرکارلابراوەکان بگێڕنەوە شوێنی خۆیان و، کارێك بکەن کە هەڵبژاردنێکی ئازاد و ئارام و بێ ساختەکارێتی بەرێوە بچێ و، رێیدەن بە نوێنەرانی بیانیی بێلایەن و نێونەتەوەیی، چاودێریی هەڵبژاردن بکەن، ئەوا ئەوە هیچ کارکردێکی نەرێنی بۆ سەر "پارتی" و "یەکێتی" نابێ،، کە دوو هێزی گەورەن. بگرە سەربەرزییەك دەبێ بۆیان و ئەو دەمە هەموو جیهانی ئازادیش دان بەوەدا دەنێ کە لە پەرلەمانی کوردستاندا، بەرهەڵستکارانیش هەن، وەك هەموو سیستەمێکی دێمۆکراتی. ئەمەش باوەڕنامەیەك دەبێ بۆ رەوشی دێمۆکراتی لە هەرێمدا و، خزمەتێکیشە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردستان و رەواندنەوەی مەترسیی داگیرکەران. پێچەوانەکەشی بە پێچەوانەوەیە.

سەرکردەکانی "حیزبەکان" دەشێ ئەوە بخەنە بەرچاویان کە ژیان هێندە ناهێنێ مرۆڤ هەر بیر لە پارە و پایەی خۆی بکاتەوە و بەس. خۆشی ژیان لەوەدایە، دڵی خەڵك خۆشبکەیت و خەڵکیش تۆیان خۆش بوێ.

بەراستی، ئەز ئەگەر لە جێی کاك مەسعوود بوومایە، خۆمم بۆ سەرۆکایەتیی هەرێم نەدەپالاّوت، بەلکو دەمگوت، با ئەمجارە ژنێکی رۆشنبیری خەباتکاری کوردستانی، خۆی بۆ ئەو جێیە بپاڵێوێ و، خۆشم دەنگدەدەم بۆی. داخەکەم، کاك مەسعوود ئەوەی نەگوت و، تاکە ژنێکیشمان زاتی ئەوەی نەکرد، خۆی وەك رکەبەر بپاڵێوێ بۆ سەرۆکایەتیی هەرێم. کە مێرمنداڵ بووم، باوکم بە ڕەحمەت بێ، لەگەڵ مردووی هەمووان و گشت لەدەستچووان، باسی "قەحتولریجالی" (قحط الرجال) ی کوردی دەکرد، بەلاّم ئەوەتا ئێستە، لە خوا بەزیاد بێ، لە "ریجال" مان کەم نییە و، هەموو شتێك هەر بەدەست "ریجال"ە و "حەپولکی" ژن نادەن. جا ئەگەر باوکم بمایە و، ئەم هەموو خاوەن ریش و سمێڵ و کراڤات لە ملە ورگزلە کاربەدەستەی بدیایە و، تاکە ژنێکیش چووەتە ڤاتی بۆ پاڵێوراوی سەرۆکایەتیی هەرێم، رەنگە ئەمجارە باسی "قەحتولژنانی" بکردایە.

ئەورۆ رۆژی 31 گولانە (مایس) کە رۆژی جیهانیی جگەرە نەکێشانە و، ئەزژی سالاّنی ساڵە ئەندامێکی چالاکی کۆمەڵەی جگەرە نەکێشانی ئەڵمانیام و، دەبێ سێ دەمژمێری دی لە ماڵ بچمەدەرەوە بەرەو کۆمەڵە، کە لەوێ کاربەسەر ئەندامانمدا لە گەڕەکەکانی بەرلین دابەشدەکرێ. لەبەر ئەوە، ئەوا لێرەدا دەیبڕمەوە، بەهیوای ئەوەی لە دەرفەتێکدا وتارێکی خەستوخۆڵ لەبارەی دووکەڵی جگەرەوە بنووسم، کە دوژمنێکی گەورەی تەندروستیی مرۆڤە. تەنێ دەمەوێ بێژم، کە دەرکردنی قانوون بۆ پاراستنی جگەرەنەکێش، هەرچەندە باش و پێویستە و، پەرلەمانی ئەڵمانیا و ئەوروپاش لەم رووەوە هێندەك قانوونی دەرکردووە، کە بەلای ئێمەوە، کونوکەلەبەری تێدایە، لەگەڵ ئەوەشدا و بە تاقیکردنەوەی خۆم بۆم دەرکەوتووە، زۆربەی هەرە زۆری ئەوانەی جگەرەکێشن حەز دەکەن واز بهێنن لێی، بەلاّم لێیانبووە بە خوو و بە پێویستی دەزانن بۆ راستکردنەوەی باری لاسەنگی هەستی دەروونییان. گەلێك لە گەنجەکان کە لەسەر شەقام لەم رۆژەدا سالاّنی پێشوو دواندوومن، هۆی جگەرە کێشان بۆ تەنیایی، یان خۆ خەریککردن بەمەوە لەبەر بێکاری، یان چاولێکەریی بەساڵدا چووان دەگێڕنەوە. بابزانیین ئەورۆ دەڵێن چی. تا جارەکی دی و بەرەو هەڵبژاردنێکی ئارام وشارستانییانە و سەرکەوتووانە.

بەرلین 31/5/ 2009